# گرۆسێتۆ: کیژێکی چاوڕەشی بیستوشەش ساڵانە

فەرهاد شاکەلی

نازانم ئەگەر لۆچیانۆ بیانچاردی تا ئێستا ژیابایە و لە گرۆسێتۆ دابنیشتایە چۆنی پێشوازی دەکردم؟ ئایا پێی خۆش دەبوو چاوی بە شاعیرێکی کورد، کە بیستونۆ ساڵ لە خۆی بچووکترە، بکەوێت؟ لەناو شاعیر و نووسەرانی کورددا من دۆستی وام هەن کە هاوتەمەنی بیانچاردین. بەڵام کە چاومان بە یەکدی دەکەوێ، یا سەر لە یەکتر دەدەین و بە سەعاتان دادەنیشین و قسان دەکەین سنوورێکی ئەوتۆ لەنێوانماندا نابینم. هەموومان دەبینە دۆستی هاوتەمەن. ئەوەی لێ دەربچێت کە بە ویست و خواستی خۆم هەندێ وردەکاریی زمانی کوردی، کە دەربڕی ڕێزە بۆ کەسێکی لە خۆت بەتەمەنتر، بە کار دەبەم، ئیدی کۆ لە هیچ باسێک و هیچ بابەتێک ناکەینەوە؛ لە شیعرەوە تا فەلسەفە و تەسەوف، لە سیاسەتەوە تا سێکس.

با جارێ هەر لە سەرەتاوە پێ لەم ڕاستییە بنێم. هەتا بەهاری ساڵی ٢٠٠٢ یش من نە ناوی گرۆسێتۆم بیستبوو، نە بیانچاردی. ئیتالیام دەناسی، هەر لە منداڵییەوە دەمناسی. کە یەکەمجار لە ئەتڵەسێکدا چاوم بە نەخشەکەی کەوت، هێندە سەرنجڕاکێش بوو، هیی ئەوە نەبوو ئیتر لە بیرم بچێتەوە. ڕۆمایشم دەناسی. بە دووری نازانم ناوی ڕۆمام پێش ئیتالیایش بیستبێ. ئەمە کەی سەیرە؟ چەند ساڵێک لەمەوپێش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووم. ئەوە تێگەیشتم کە خەڵکی وا هەن، کەمیش نین، ستۆکهۆڵم دەناسن، بەڵام نازانن سوێد چییە، شارە یا وڵاتە، و لە کوێیە؟! ئەوان ستۆکهۆڵمیان لەبەر خەڵاتی نۆبێل خۆش دەوێ، ساڵ نییە چوار پێنج کەسی ئەمەریکایی ئەو خەڵاتە وەرنەگرێ. ڕۆما یەکەمین شاری ئەوروپا بوو کە بینیم. هاوینی ١٩٧٧ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم بە جێ هێشت و ڕووم کردە ئەوروپا، لە (لیۆناردۆ داڤینچی)ی ڕۆما فڕۆکەم دەگۆڕی، دەبوو شەش سەعات چاوەڕوان بم. ئەو ماوەیەم بە هەل زانی و چووم بۆ ناو شاری ڕۆما.

گرۆسێتۆ ئەزموونێکی جیاواز بوو. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە خۆشم ویست. من شارەکانی




دنیام وەک ژن دێنە بەرچاو: جوانن، کەمتر جوانن، هەر زۆر جوانن، دوورکوژن، ئێسکسووکن، ساردوسڕن...هتد، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە ژنان دەگۆڕێن و دەچنە ناو ساڵەوە، بەڵام شار کەمجار دەگۆڕێ، لە چ تەمەنێکدا بینیوتە، هەر وا دەمێنێتەوە. پاریس ژنێکی چلونۆ ساڵانی تەڕوبڕ و شیکپۆشە. لەندەن داپیرەیەکی حەفتا ساڵانی هەتا بڵێی ژیر. هەندێ جار کە دوو سێ ساڵێ دەکەوێتە نێوان و دەیبینمەوە، هەست دەکەم بڕێک قەڵەو بووە. بەڵام هەر واز ناهێنێ؛ ئێستایش هەر شت کۆ دەکاتەوە، هەر دەیەوێ دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر بێت. گرۆسێتۆ کیژێکی جوانی ئێسکسووکی چاوڕەشی باریکەڵەی بیستوشەش ساڵان بوو، بیستوشەشی ڕێک، نە کەم و نە زۆر.

**"ئێستایش دەست دەدەمە هەر کارێك، یا بیر لە هەر گۆشەیەکی ژیان دەکەمەوە، دەبینم بە شێوەیەك، بە کۆمەڵێ دەزووی ڕەنگاوڕەنگی ئاورێشمین، بەستراون بەو ساڵانەی ژیانی منداڵی و لاوێنیمەوە."**

لۆچیانۆ بیانچاردی یەکێک بوو لە عاشقە گەورەکانی گرۆسێتۆ. نازانم چۆن دڵی هات ساڵانێک بە جێی بهێڵێ، لەپێناوی شارێکی / ژنێکی دیکەدا کە ناوی میلانۆ بوو؟ شاعیرێکی عەرەب نزیکەی هەزاروسەد ساڵ بەر لە ئێستا شتێکی بەم واتایە گوتووە: «بڕۆ، چەندە دەتوانی دڵداری بکە و جێگۆڕکێ بکە، بەڵام خۆشەویستی هەر بۆ یەکەم دڵبەرە و تاسەیش هەر بۆ یەکەم زێدە». دڵنیام بیانچاردی تا ئەو ڕۆژەیش کە ژیانی بە جێ هێشت ئەڤینی گرۆسێتۆی چاوڕەشی بیستوشەش ساڵانی هەر لە دڵدا بووە.

بیانچاردی دەمێکە لەناوماندا نەماوە، بەڵام دۆستەکانی وی هێندە گەرموگوڕ و میواندۆست بوون کە هەر زوو خۆشەویستیی بیانچاردی، خۆشەویستیی خۆیان و خۆشەویستیی گرۆسێتۆیان لە دڵمدا نەخشاند. ئێستایش، نزیکەی ساڵێک دواتر، کە بیر لە گرۆسێتۆ و دۆستانی ئەوێم دەکەمەوە، وا هەست دەکەم ژوورەکەم پڕ دەبێ لە بۆنی کۆڵانە تەسک و باراناوییەکانی گرۆسێتۆ، لە بۆنی ئەو هەزاران دارزەیتوونەی هەموو دەشت و گردەکانی تۆسکانیایان داپۆشیوە.

لە دوا هەفتەی مانەوەمدا لە گرۆسێتۆ، شەوێکیان لەگەڵ (زریان)ی کوڕمدا لە ژوورەکەمان لە هۆتێلی (شێری زێڕین Leon d'or) دانیشتبووین و قسەمان دەکرد. ئەو دەیزانی فۆنداسیۆنی بیانچاردی داوایان لێ کردووم تێکستێک ئامادە بکەم، بۆ ئەوەی چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە. زریان دەیگوت: «ئەوە چەند ڕۆژە من لەگەڵت دێم بۆ هەموو سەمینار و کۆڕە شیعرییەکانت و گوێت لێ دەگرم و گوێ لەو کەسانەیش دەگرم کە پرسیارت لێ دەکەن. من وا

هەست دەکەم تۆ دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی وا بنووسیت کە پاشخانی شیعرەکانت ڕوون بکاتەوە و یارمەتیی خوێنەران و گوێگران بدات، باشتر تێیان بگەن.» قسەکەی زریانم پێ جوان بوو، بەڵام من خۆم دەناسم و ئەویش تا ڕادەیەک دەمناسێ. من لەو نووسەرانە نیم کە بتوانم پێشەکی دانیشم و نەخشە و پلان بۆ کاری داهێنانی ئەدەبی دابڕێژم. هەمیشە ئەم ئەرکە بۆ بەهرەی ئەدەبی و بۆ چێژی هونەری بە جێ دەهێڵم، کە باوەڕ ناکەم بێهومێدم بکەن.

من نزیکەی سێ حەفتە لە گرۆسێتۆ بووم. ئەگەرچی بەرنامەیەکی یەکجار چڕوپڕیان بۆ دانابووم، بەڵام گەلێ جاریش وام بۆ هەڵدەکەوت، بە تایبەت ئێوارانی هۆتێل، کە بەتەنیا دابنیشم و بیر لە ڕابوردووی ژیانم بکەمەوە: ساڵانی منداڵیم لە گوندەکەی خۆمان (شاکەل) و سەرەتای تەمەنی لاوێتیم لە شاری کفری. شەش ساڵ لەو شارەدا خوێندم: پۆلی حەوت تا دوانزدە، لەوێ بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا کچێکم خۆش ویست، بۆ یەکەمجار دەستم کرد بە چالاکیی سیاسیی کوردایەتی و بۆ یەکەمجار دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم. ئەمانە سێ بناغەی پتەوی ژیانم بوون کە ئێستایش هەر گرنگ و کاریگەرن: ژن و نیشتمان و هونەر. ئێستایش دەست دەدەمە هەر کارێک، یا بیر لە هەر گۆشەیەکی ژیان دەکەمەوە، دەبینم بە شێوەیەک، بە کۆمەڵێ دەزووی ڕەنگاوڕەنگی ئاوریشمین، بەستراون بەو ساڵانەی ژیانی منداڵی و لاوێتیمەوە.

ئەم تێکستانە چییان ناو دەنێن، بینێن: کورتەچیرۆک، بیرەوەری، یا تەنانەت شیعر، بەڵام بۆ خۆم وەک ئەو وێنە ڕەشوسپییانەن کە لە کۆنە ئەلبوومی قورس و پان و گەورەدا هەڵیاندەگرین و جاروبار دەچینەوە سەریان و ساڵ بە ساڵیش لە بەرچاومان بەنرختر و خۆشەویستتر دیارن.

## شارێک و بەرنامەیەک و کتێبێک

تێکستی (گرۆسێتۆ: کیژێکی چاوڕەشی بیستوشەش ساڵانە) نە باسی دڵدارییە و نە بۆ پیاهەڵدانی کچی چاوڕەشیش نووسراوە. باسی شارێکە نزیکەی سێ ساڵێک لەمەوبەر سەرم لێ دا و زۆریشم خۆش ویست.

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٢ دا بە هۆی دۆستێکی کوردەوە، کۆمەڵەیەکی فەرهەنگی و ئەدەبیی ئیتالیایی پێوەندییان پێوە کردم و وتیان دەمانەوێ بێیت و ماوەی مانگێک میوانی شارەکەمان بیت. لەو ماوەیەدا لە خوێندنگە و زانستگە و کتێبفرۆشی و کتێبخانە و ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان و کۆمەڵە فەرهەنگییەکانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی تۆسکانیا قسە بکەیت و باسی کوردستان و زمان و ئەدەبی کوردی بکەیت و شیعرەکانی خۆت بخوێنیتەوە. ئەم کۆمەڵەیە ناوی (فۆنداسیۆنی لوچیانۆ بیانچاردی) بوو، کۆمەڵێ ڕووناکبیر و شاعیر و ڕێبەری سەندیکای کرێکاران و مامۆستای زانستگە دەیانبردە ڕێوە. دوای نامە و



فەرهاد شاکەلی

نامەکارییەکی دوورودرێژ لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە پاییزی ئەو ساڵە بەرنامەکەمان دەست پێ بکەین.

ڕۆژی ١٧-١٠-٢٠٠٢ لە ڕێگەی پاریسەوە چووم بۆ ڕۆما و لەوێشەوە بۆ گرۆسێتۆ و تا ١١-١١-٢٠٠٢ لەوێ بووم. لەو ماوەیەدا نزیکەی بیستوپێنج پرۆگرامیان بۆ دانابووم. ڕۆژی وا هەبوو دوو جار و لە دوو شاری جیاواز یا لە دوو دەستگا و خوێندنگەی جیاواز دەبوو قسە بکەم. لەبەر ئەوەی من زمانی ئیتالیایی نازانم کچێکی ڕۆژنامەوانی ئیتالییان دانابوو کە ماوەی ئەو مانگە لە هەموو بەرنامەکاندا هاوڕێم بێت و قسەکانی من لە ئینگلیزییەوە بکاتە ئیتالیایی و قسەکانی ئەوانیش بۆ من بکاتە ئینگلیزی. خۆشبەختانە هەر پێشەکی کۆمەڵێ لە شیعر و وتار و لێکۆڵینەوەکانم تەرجەمەی ئیتالیایی کرابوون.

بەرنامەکەمان یەکجار چڕ و پڕ بوو، بەڵام بە هیچ جۆرێک هەستم بە ماندوێتی نەدەکرد، بگرە بەپێچەوانەوە زۆریشم پێ خۆش بوو. خانەخوێکانم هەتا بڵێی ڕووخۆش و میواندۆست و گەرموگوڕ بوون. ئەگەرچی من لە هۆتێل دادەنیشتم بەڵام زۆر جار بۆ میوانداری بانگێشتنی ماڵی خۆیانیان دەکردم. لەگەڵ ماڵ و منداڵیشیاندا دۆستایەتییەکی گەرمم پەیدا کرد. لەو ماوەیەدا ماڵ و منداڵی منیش هاتنە سەردانم و حەفتەیەک لەوێ بوون و ئەوانیش یەکیان ناسی.

لوچیانۆ بیانچاردی Luciano Bianciardi، ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ لە دایک بووە و ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ مردووە، نووسەرێکی گەورەی ئیتالیایە و خەڵکی شاری گرۆسێتۆ بووە. بیانچاردی بیروباوەڕی چەپی هەبووە و نووسەرێکی پڕبەرهەم بووە. ئەگەرچی هەمووی چلونۆ ساڵ ژیاوە بەڵام نزیکەی سەد کتێبی چاپکراوی هەیە، کە بەشی زۆری لە ئینگلیزییەوە کردوونی بە ئیتالیایی. لەناو نووسینەکانی خۆیدا ڕۆمانی La Vita Agra (ژیانی سەخت) و کورتەچیرۆکی The Same Old Soup (هەر ئەو شۆرباوە کۆنەیە) لە هەموویان ناودارترە. بیانچاردی ماوەیەکی دوورودرێژی ژیانی ڕۆژنامەوان بووە و لە پەخشخانەیەکدا لە میلانۆ کاری کردووە و لە بزووتنەوەی سیاسیی چەپیشدا چالاکانە بەشداریی کردووە.

دۆستەکانی بیانچاردی ئەم فۆنداسیۆنەیان دامەزراندووە و بەشێکی گەورەی چالاکییەکانیان بۆ ڕێزلێنان و زیندووڕاگرتنی یاد و بەرهەم و بیری بیانچاردی تەرخان کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە، پرۆگرامێکیان دەست پێ کردووە بە ناوی (نووسەری ئاشتی)، کە ساڵانە نووسەرێکی بێگانە بانگهێشتن بکەن و ماوەی مانگێک میوانی هەرێمی تۆسکانیا بێت و لەبارەی فەرهەنگ و ئەدەب و ئەزموونی خۆیەوە قسە بکات و ئاخاوتن پێشکەش بکات. دواتریش هەر ئەوان کتێبێکی ئەو نووسەرە تەرجەمەی زمانی ئیتالیایی دەکەن و چاپی دەکەن.

کتێبەکەی من La Sera Quando La luna Eclisso (ئەو ئێوارەیەی کە مانگ گیرا) مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ چاپ کرا. کاک هونەر خدر لە کوردییەوە کردوویە بە ئیتالیایی و شاعیری ئیتالیایی ڤیلیۆ ئاباتی لە ڕووی زمانەوە پێدا چووەتەوە و دەستگا و پەخشخانەی SEF بڵاوی کردۆتەوە. کتێبەکە لە حەوت چیرۆک و ئەو کورتەپێشەکییە (گرۆسێتۆ: کیژێکی...) پێک هاتووە. لە ماڵپەڕی پەخشخانەکەدا (www.sefeditrice.it) لەسەر کتێبەکە نووسراوە و لە ناوەڕاستی مانگی سێی ئەمساڵدا، لە شاری گرۆسێتۆ لە ئاهەنگێکدا بە ڕەسمی پێشکەش دەکرێت. بڕیار وا بوو خۆیشم لەوێ بم، بەڵام بە هۆی کارەوە نەمتوانی ئەو سەفەرە بکەم.

گرۆسێتۆ (Grosseto) شارێکی جوان و ئێسکسووک و قشتیلانەیە، ئەوەی جارێک بیبینێت، هەر وا بەئاسانی لە بیری ناچێتەوە. ئەوەی، وەک من، نزیکەی مانگێک تێیدا ژیابێت، حەز دەکات بۆی هەڵکەوێت و جارێکی دیکەیش بچێتەوە بۆ سەردانی.

# ئۆرهان پاموك
# "٣٠٠٠٠ کوردیان لێرە کوشت و کەسیش باسی نەکرد!"

**تابان کەمال**

ئۆرهان پاموک، ساڵی ١٩٥٢ لە ئیستانبوڵ لە دایک بووە. ئێستاکە بەناوبانگترین نووسەری تورکیایە. یەکێک بوو لەوانەی کە ئەمساڵ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب کاندید کرابوو.
هەر ئەمساڵ، خەڵاتی (فرایدنس پرایس ٢٠٠٥)ی لە ئەڵمانیا وەرگرت. «بەفر»؛ دواهەمین ڕۆمانی پاموک، بە یەکێک لە باشترین ١٠ کتێبی ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمس، لە قەڵەم درا.
بەفر، باس لە ئازار و کێشەکانی مرۆڤێک دەکات (مرۆڤێکی تورک، کە نووسەر خۆیەتی)، ئەگەرچی وەک پەنابەرێکی سیاسی چۆتە فرانکفۆرت، وەلێ ئیشتهای لە سیاسەت نییە و خەریکی نووسینە. بەڵام، ڕۆژ بە ڕۆژ، بەرداشی بێکاری، نامۆیی، بێگانەیی و پەراوێزخستن، دەیهاڕێت. ئیدی، ئەم مرۆڤە چ هیوایەکی بە خەونەکانی خۆی نامێنێت و (ئەو شورایەی کە ئەم، ساڵەهایە دەروازەکەی دەکوتێت تا لێی والا بکەنەوە و ڕێگەی چوونەژوورەوەی بدەن، قوڵلەکانی بەرزتر و قفڵەکانی دەروازەکە کۆڵۆمتر دەبێت.)
پاموک، لە دیدی قارەمانی ڕۆمانەکەیەوە (کەریم ئالەکۆس ئۆغڵو)، کە نووسەر خۆیەتی، تێڕوانینی خۆی لەمەڕ کێشەی (بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا و کێشەی ئیسلام و کێشەکانی مۆدێرنبوون و دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای تورکیا) دەهەژێنێت. پاموک هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەوروپادا، لە دوو ڕوانگەی جوداوە دەبینێت.
یەکەم: ڕوانگەی (زۆرینەی خەڵکی تورکیا) بۆ ئەم پرسە لە چەند لایەکەوە گەشبینانەیە، لەوانە:
بارودۆخی ئابووری لە وڵاتدا بووژێتەوە.
مافەکانی مرۆڤ بچەسپێن و ڕێزیان لێبگیرێت.
وڵات لە گشت بوارێکدا بەرەو پێشەوە بچێت و بگاتە ریزی ئەوروپا.
تێکەڵبوون و لەیەکگەیشتنی کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.
دووەم: ڕوانگەی (زۆرینەی خەڵکی ئەوروپا) ڕەشبینانەیە لەوانە:



ئۆرهان پاموک

حەفتا ملیۆن موسوڵمان لە ئەوروپادا زیاد دەکەن.
ملیۆنان هەژار و بێکار دەڕژێنە ئەوروپاوە.
گەورەترین دەروازەی تیرۆریستی لەسەر ئەوروپا والا دەبێت.
پێکدادانی کولتووری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات.
بەکورتی، کێشەکە پرسی پێناس و خۆناسینە و ئەوروپا پرسیارێکی تەواو هەژێنەرە بۆ گشت تورکێک، جا چ ئەرێیی و چ نەرێیی!
لە مانگی دیسەمبەردا، پاموک ڕووبەڕووی دادگا دەبێتەوە. ئەگەر تاوانەکانی بەسەردا ساغ بێتەوە، ئەوا بە سێ ساڵ زیندان حوکم دەدرێت، تاوانەکەشی تەنها ئەوەیە کە باسی لە پرسی کورد و خەباتی ئەوانی لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیاندا لە تورکیادا کردووە.
پاموک دەڵێت"٣٠٠٠٠ کورد و یەک ملیۆن ئەرمەنییان لێرە کوشت و جگە لە من کەسێکی دیکە نایەوێت و ناوێرێت باسی بکات!"

ئۆسلۆ ــ نەرویج
سەرچاوەی ئەم باسە، ڕۆژنامەی داگبلادە /٢٠٠٥ ١١/١٤

## سەرەخۆشی

کاک مستەفای فەقێ مەحموود، کە ئەندامێکی بەئەمەکی مەڵبەند و کۆمەڵگای کوردی لەندەن بوو، لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢٣دا کۆچی دوایی کرد.
کاک مستەفا، هەمیشە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی بە پایگەیەکی مەزنی ناساندنی کورد و پاراستنی کولتووری کوردی دەزانی، بۆیە هەردەم لەو کەسە پێشەنگانە بووە کە بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازەکانی مەڵبەندی بە ئەرکی نەتەوایەتیی خۆی زانیبوو.
ئێمەی مەڵبەند، پڕ بە دڵ سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی کاک مستەفا دەکەین و داواکاریشین لە خودا کە هەمووان لە ناخۆشی وا بە دوور بگرێت.
شایانی باسە کە کاک محەمەد سەعید فەقێ مەحموود لە ڕێگەی مەڵبەندەوە، بە ناوی خانەوادەی خوالێخۆشبووەوە، سوپاسنامەیەکی بۆ هەموو ئەو کەسانە ناردووە کە چ بە ئامادەبوون و چ بە نامە و تەلەفۆن هاوبەشی پرسەیان بوون.

مەڵبەند

# یۆرگن هابەرماس (١٩٢٩-)

کەریم مستەفا ـ نەرویج

هابەرماس، فەیلەسوف و سۆسیۆلۆگ، نەک هەر لە ئەڵمانیادا، بەڵکو لە گشت ئەورووپادا بەناوبانگە و نووسین و ڕاوبۆچوونەکانی لەسەر هەردوو ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەسمیش بە هەند وەردەگیرێت.
هابەرماس، خەرمانێک لە نووسینی ئەفراندووە و نزیکەی پەنجا کتێب و سەد وتاری نووسیوە.
هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم کتێبی لە ساڵی ١٩٦٢دا بە ناونیشانی (Strukturwandel der Offentichkeit) گفتوگۆیەکی جددی و ڕۆشنبیرانەی بەرپا کرد.
هابەرماس بڕوای وایە، کۆمەڵ لەسەر ئەو بنەمایە دروست دەبێت کە تاکەکانی توانای لەیەکگەیشتنیان هەبێت و ڕاوبۆچوونەکانی یەکدی بە هەند وەربگرن. بۆ نموونە، تاکەکان لەوە تێبگەن کە ئایا چی ڕاستە و چی هەڵەیە؟ یان چی لە ڕوانگەی ڕەوشتی کۆمەڵەوە، پەسەند یان ناپەسەندە؟
دیسان بڕوای وایە کە چ فەلسەفە و چ تیۆریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی فەلسەفەی زمانەوانی، بنیات دەنرێت. بە واتایەکی دیکە، لەسەر بنەمای (ئینتەرسوبجێکتیڤی) یان پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.
هابەرماس، نەک هەر وەک گوتەبێژی بەرەی چەپی ئەڵمانیا، بگرە گشت ئەورووپاش، هاتۆتە ناساندن. بەتایبەتی کاتێک کە ئەو نیگەرانیی خۆی بەرانبەر هەر شێوەیەکی چەوساندنەوە و خەپاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەک هەر لە ئەڵمانیادا، بەڵکو لە هەر جێگەیەکی دیکەش دەربڕی و هۆشداری دەدا کە دەرئەنجامی ئەو کارە دەبێتە ماک و هۆکاری خوڵقاندنی ڕێباز و ئایدیۆلۆژیای لە چەشنی نازیزم.
ئەگەرچی هابەرماس لە نەوەی دووەمی پێڕەوانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)ـە، بەڵام ڕەخنەی لە فەیلەسوف و پێڕەوانی ئەو قوتابخانەیەش هەیە. بۆ نموونە، ڕەخنەیەکی توندی لە ڕێبازی هێرمۆنتیکی (گادەمەر) هەیە. هابەرماس، بە یەکێک لە سەرسەخترین ڕەخنەگرانی پۆست مۆدێرنەتە دادەنرێت. ئەو بەوە بەناوبانگە کە



یۆرگن هابەرماس

فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی پێکەوە گرێ بدات و بە فەلسەفەی زمانەوانی موتوربەیان بکات و لەئەنجامدا ڕێباز تایبەتەکەی خۆی کە بە (تیۆری دانوساندنی گوتار) ناسراوە، بخوڵقێنێت. کە دەکرێت بە ڕاڤەکردنی بونیادە لۆژیکی و سیمانتیکییەکان، پێناسەی بکەین. قوڵبوونەوەی هابەرماس لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە مایەی خوڵقاندن و داهێنانی ئاکارێکی تایبەت بە خۆی کە بە (ئاکاری گوتاری ڕەخنەیی) یان (ئاکاری دیسکۆرسی) بەناوبانگە. بەگوێرەی ئەم تیۆری ئاکارەی هابەرماس، دەتوانرێت پاساو بۆ نۆرمە ئاکارییەکان بهێنرێتەوە، ئەمەش شێوازێکە لە ئاکاری (کۆگنەتیڤی) یان پرۆسەی ئاگامەندی.

هابەرماس، بەرەندەی خەڵاتی هۆڵبێرگ ٢٠٠٥

زانکۆی بێرگن، خەڵاتی هۆڵبێرگی پێشکەش بە یۆرگن هابەرماس کرد. لەو پەیامەدا کە کۆمیتەی بەخشینی خەڵاتەکە بۆ ئاژانسی هەواڵی نەرویجی ناردووە، دەڵێت: "یۆرگن هابەرماس، توانیویەتی چەند تیۆری ڕچەشکێن لە بوارەکانی گوتاری ڕەخنەیی (دیسکۆرس) و گوتاری پەیوەندیگرتن (کۆمۆنیکەیتیڤ) بهێنێتە ئاراوە. بەو پێیەش توانیویەتی ڕەهەندی نوێ بە دیموکراتی و دەوڵەتی یاسا ببەخشێت."

**هابەرماس، بە یەکێك لە سەرسەخترین ڕەخنەگرانی پۆست مۆدێرنەتە دادەنرێت.**

(لۆدڤیک هۆڵبێرگ ١٦٨٤-١٧٥٤) بە گەورەنووسەری نەرویج ناسراوە. هۆڵبێرگ، نەک هەر دراو و تێکستی ئەدەبی نووسیوە، بەڵکو لە فەلسەفە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ئابووریشدا شارەزایی هەبووە. لە ساڵی ٢٠٠٤دا زانکۆی بێرگن (بێرگن دووەم شاری نەرویجە و کەوتۆتە ٥٠٠ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای ئۆسلۆوە)، فۆندێکی (٢٠٠ ملیۆن کرۆن=٢٣ ملیۆن یۆرۆ)ی بە یارمەتیی حکوومەت و چەند ڕێکخراوێکی دیکە کردۆتەوە، بە ناوی خەڵاتی هۆڵبێرگەوە، هەر ساڵەی دەیبەخشێت بە یەکێک کە لە بوارێکی فکریدا ئەفراندن بکات. بەهای خەڵاتەکە (٤,٥) ملیۆن کرۆن، نزیکەی ٥٥٠ هەزار یۆرۆ، دەبێت. پارساڵ خەڵاتەکە بەخشرا بە خاتوو پرۆفیسۆر جۆلیا کریستێڤا لە ئامۆژگای (تێکست و دۆکیومێنتی زانستی) لە پاریس.
(هۆڵبێرگ و ئیبسن و بیۆرنسن) بە سێ کوچکەی ئەدەبی نەرویجی ناسراون.


سەرچاوەکان:
ڕۆژنامەی داگبلادە، ٢٠٠٥/٩/٢٧، ئوسلۆ، نەرویج.
www.hebermasforum.dk
www.hobergprisn.no
www.hf.uio.no

# ئەم دوانزە هاوارەم سەرەتایە....

## ڕەنجۆ هورمزیار

### دەسەڵات

خوولی دەخوارد
لوولی دەدا، گێژاوێ،
نەیدەزانی، کۆتایی دێ، بە تاوێ.

### پەیژە

ئەوین نابێ
بەسەر پەیژەی پاکیزەیی سەرنەکەوێ
ڕق نابینرێ
تاپۆی ڕەشی،
ژینی واڵای بەربکەوێ.

### پێشەنگ

نە بە هێز و نە بە ناوە،
نە گاڵتە و نە چەڤەنگە
دەروونێ گەر، سەربەرزی خەڵک
بخاتە پێش، پێشەنگە

### ونبوون

لە بەهەشتێ، کە خەیاڵی سەرنشینی،
هەر دۆلار و هەر پارەیە
تەرازوویەک، هەندە پاک بوو،
کەس نەیزانی، بۆچی باشە و چ کارەیە!

### ئازادی

هەر بەس نییە
تۆ بزانی، جوانترین ژینە ئازادی
لەوە جوانتر
هێزی هۆشە، لەبۆ دانانی بونیادی.

### پێشکەوتن

سەرێ دوێنێی،
پشت و پەنا و تێشوو بێ
سەرە ئەگەر، سۆراخی داهاتوو بێ

### مۆژدە

تۆوێ تیشکی لە ناخا بوو،
دەنگی مۆژدەی لە ئاخا بوو،
چون دەیزانی
سبەی دێت و دەبێ بە گوڵ!

### دووربین

چاوێک،
بەپەلە لە خەتا خۆش دەبوو،
سەبر سەبر
خەتاکاری لە بیر دەچوو!

### تێکۆشەر

سەرێکم دی،
مامەخەمەی لە کۆڵ نابوو،
هەر دەگەڕا، بۆ چارەیێ
هەر ئەو سەرە
کەڕ و لاڵ بوو،
لە بیستنی بۆڵەبۆڵی هیچ کارەیێ

### هەڵوێست

دەستێ سەوز بێ،
لە دەماڵینی دەمامکا
هەر بەو دەستە،
سروشت جوانی لە بەر دەکا.

### تەنیایی

نێڵەم گەشە،
هەرچەند، تژی تەنیاییم
تا چاو بڕ کا،
دوورم، دژی ڕێیایم

### کاروان

لەگەڵ تیشکا،
کەوتومە ڕێ،
لە تاریی شەو ناترسم
دواقۆناخم بوونە خۆرە،
قەت لە کەمتر ناپرسم.

چیرۆك

# هۆمەرقەلا

## هاوڕێ نەمەڵی

لەسەر گازی پشت لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشابوو، دەستی چەپی بۆ ئەو شیشەی لای چەپی خۆی درێژ کرد. وردە وردە خۆی بۆ دواوە ڕاکێشا و دانیشت. کەمێک بە بالای شیشەکەدا ڕوانی، سەیرێکی خوارەوەی کرد. لەوە دەچوو بیەوێت لەسەر قەرەوێڵەکە بێتە خوارەوە. توندتر دەستی بە شیشەکەوە گرت و هەردوو لاقی بۆ خوارەوە شۆڕ کردەوە، هاوشانی شیشەکە بە پێوە وەستا. دەستی ڕاستی بە قەراغی قەرەوێڵەکەوە گرت. بە دەستەکەی دی شیشەکەی بە چەشنی ڕەوڕەوەی منداڵی خۆی پاڵپێوەنا.

لەسەرخۆ بە یەک دوو هەنگاو خۆی گەیاندە کورسییەکەی تەنیشتی پەنجەرەکە، بەهێواشی دانیشت. چاوەکانی لەنێوان شووشەی پەنجەرەکەوە بۆ شەقامەکەی ئەوبەرەوە لە خوارەوە داشۆڕی.

بارانێکی زۆر ورد دەباری، لە پرووشەی بەفر دەچوو. گڵۆپی شەقامەکان هێشتا هەڵنەکرابوون، بەڵام هەندێ لە ئۆتۆمۆبێلەکان لایتیان داگیرساندبوو. گڵۆپی نێو ماڵ و کۆڵانەکان بەکزییەوە سەرەتاتکێی شەوێکی دییان دەکرد.

جوانیی زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیە، تێکەڵ بە نەرمەباران و هەورێکی کاڵ لەو بەرزایی باڵەخانەیەوە، ئێشی جەستە ماندووەکەی کەمتر دەکردەوە. سەرنج و ئەندێشەی لەگەڵ هاتنی تیشکی گڵۆپەکان پەردەی بەسەر تاریکستانی ئەودیو پەنجەرەکە و ناوەوەی خۆیدا دابوو.

ئۆتۆمۆبێلەکان یەک بە دوای یەک، بەبێ هۆڕنلێدان چاوەڕوانی ترافیکلایتەکەیان دەکرد، تا لە سوورەوە ببێت بە زەرد و ئەمجا بە سەوز، گڵۆپەکان تا داهاتن زیاتر تیشکیان دەدرەوشانەوە.

لەگەڵ ئەوەی هێشتا بەهار نەهاتبوو، بەڵام زۆربەی دارەکان و باخچەکان سەوزاییەکی تەواویان پێوە دیار بوو.

کپیی ژوورەکە و جوانیی دنیای دەرەوە باڵیان بەسەر ڕووخساری سپی هەڵگەڕاو و ماندوویدا کێشابوو، بەڵام ختووکەی ئەندێشەیەکی خۆش لەسەر لێوەکانی بەدی دەکران. بەقووڵایی چاوە تەلیسماوییەکانی قولاپی بۆ ئەودیو پەنجەرەکە شۆڕ کردەوە، تا لەو جیهانە سەرمەستەدا ماسیی بیری ڕاو بکات.

... ئێستا لەکوێوە هەندێک لە باڵادەست و دوکتۆر و ڕۆشنبیرانی لای خۆمانم بەناو هەواکێشی ئەم ژوورەدا بهێنایەتە ئەم شوێنە، تا لەتەک خۆمدا دانیشتنایە. بە چاوانی خۆیان خزمەتی کارمەندانی ئەم نەخۆشخانەیەیان ببینیایە. لەوانەش زیاتر ئەم ژوورە پاک و بێدەنگە، کە لە ژووری سویتی هوتێلێکی پێنجئەستێرە دەچێت. لەجیاتیی نانی بەیانی سێ ژەمە نەخۆش بە ئارەزووی چێژی خۆیان خواردنەکانیان دیاری دەکەن. باوەڕم وایە دوور لە نەخۆشییەکەی ملیۆنەرەکانی لای خۆمان بەم شێوەیە خزمەت ناکرێن.

لێرەشەوە سەرنجیانم بۆ ئەودیو پەنجەرەکە ڕابکێشایە تا هێمنی و جوانیی شارستانیەتیی ئەم وڵاتەیان ببینیایە.

لەسەر کورسییەکە هەستا، بە چەشنی پێشوو سووک سووک پاڵی بە شیشەکەوە بەرەو شوێنەکەی خۆی نا. پێش ئەوەی دابنێشێت، دەستی ڕاستی بۆ سوراحیی ئاوەکەی سەر مێزی تەنیشتی قەرەوێڵەکە درێژ کرد. کەمێکی قلپاندە پەرداخە پلاستیکەکەوە. سوراحییەکەی دانا و لێوەکانی پێ تەڕ کردن.

لەو کاتەدا لە دەرگای ژوورەکە درا، نێرسەکە بە خۆی و بتڵێک خوێنەوە خۆی بە ژووردا کرد. بە بینینی نێرسەکە پەتی ئەندێشەی پچڕا، بزە و ختووکەی سەر لێوەکانی ڕەوینەوە. زانی کاتی بتڵێکی کەی خوێنتێکردنە. لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشت، خۆی بۆ دواوە ڕاکێشا و قاچەکانی بەرز کردەوە و پاڵی بە پشتییەکەوە دا. نێرسەکە بە پێکەنینەوە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ـ ئێوارەت باش، هیوادارم ئەمە دوابتڵ بێت. وەکو دەزانی تا ئەم بتڵەش تەواو دەبێت، هەروەکو جاران زوو زوو دەبێت پاڵەپەستۆی خوێنت بگیرێت.

بەدەم قسەی خۆشەوە، بتڵە بەتاڵەکەی لە شیشەکە کردەوە. بۆرییە نایلۆنەکەی لێکردەوە و لەسەری بتڵە پڕەکەی قایم کرد. جوان ڕوانییە هاتنی قەترەکانی، ئەمجا دەستی بۆ دەستی چەپی برد، تەماشای دەرزییە چەقێنراوەکانی دەستی کرد.

ـ دەزانم ئەمانە جارجار ئازارت دەدەن و زۆر ناخۆشە، بەڵام چار نییە، دەمانەوێت زوو چاک ببیتەوە و بڕۆیتەوە ناو ماڵ و منداڵەکانت.

بە ئیشارەت دەستی بۆ پلاکی زەنگی لای سەرییەوە ڕاکێشا، بە بزە و پێکەنینەوە ماڵئاوایی لێ کرد و بەجێی هێشت.

بە چەشنی پێشوو لەسەر پشت ڕاکشا، چاوەکانی لە دڵۆپ دڵۆپی خوێنەکە بڕی بوو، تک تک زۆر لەسەرخۆ دەهاتنە خوارەوە.

ـ من هەر لەسەرەتاوە حەزم لە چارەت نەبوو، لەوە دەچێت لێم نەگەڕێیت. بەسەر خوێنەکەی خۆمدا زاڵ بیت، خوا دەزانێت لە گیانی چ مرۆڤێک وەرگیرابێت. کێ دەڵێت لەدواڕۆژدا من بە هۆی ئەم دڵۆپانەوە دووچاری نەخۆشییەکەی سەخت نابم. کێش دەڵێت ئەوەی ئەو خوێنەی بەخشیوە چ مرۆڤپەروەرێک بێت!

خوێن پێناسەی زۆری هەیە، خوێن ژیانە، هەر لەتاو خوێنڕشتن من وڵاتی خۆمم بەجێ هێشت.

لە شەقەی باڵی دا بۆ ئەو ڕۆژگارانەی زیاد لە بیستوسێ ساڵ لەوەوبەر، کە فەرمانی خنکاندن و دە ساڵ نەدانەوەی تەرمەکەی بە کەسوکاری، لە دادگایەکی نادادوەرانەدا بەسەریدا سەپێنرا بوو فڕی. زۆر لەو هاوڕێیانەی هاتنەوە یاد، کە لەگەڵ ئەودا بوون. ئەوانەی بە بەختەوەر زانی کە بە هۆی فەرمانی دزێوی لێبووردن ڕزگاریان بووبوو.

لە دەرگا درا. هەمان نێرس بە جیهازی گرتنی فشاری خوێن و بتڵێک ئاوی موقەتەرەوە خۆی بە ژووردا کرد. بەرەو شیشەکە چوو، بە زەردەخەنەیەکی شەرماوییەوە، داوای لێبووردنی لێ کرد، لەبەر ئەوەی زوو بۆ لای هاتۆتەوە. دەستی بۆ لای سەرووی شیشەکە درێژ کرد، بە

چەشنی گۆڕینی بتڵی خوێنەکەی کەمێ لەوەوبەر خەریکی گۆڕینی بتڵی ئاوەکە بوو. لە هەمان کاتدا بە ئیشارەت تێی گەیاند کە دەیەوێت فشاری خوێنەکەی بگرێت. ئەو قۆڵی بردە پێشەوە و نێرسەکە بە کاری خۆی هەڵسا، لەوە دەچوو پاڵەپەستۆی خوێنەکەی بەرەو سەقامگیری چووبێت.

ـ زۆر باشە، شەستوسێ لەسەر نەوەتوپێنج. من ئەمشەو لێرەم، دوایی دێمەوە بۆ لات.

نێرسەکە بۆ جارێکی دی بەجێی هێشت، ئەویش بەوە ڕاهاتبوو، بۆیە زۆری نەخایاند جارێکی دی چاوەکانی بەسەر ترپەی دڵۆپی هاتنەخوارەوەی خوێنەکەوە بەهێواشی بۆ ناو گیانی نیشتنەوە.

بەناو کونی لاستیکی خوێنهێنەرەکەدا چووە ژوورەوە تا لەناو بتڵە پلاستیکەکەدا خۆی ون کرد. بەرەو لاپاڵی چیایەک لە وڵاتی خۆی لەنگەری گرت.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو لە گوندی باوەخۆشین دامەزرابوون. بە چوار پێشمەرگەکەی پارتیی کۆمۆنیست و سێ پێشمەرگەی بەبێ چەک ژمارەیان نۆزدە کەس بوو. ئەمە یەکەم جار بوو ئەوان بۆ مانەوەی شەو ڕوویان لەو گوندە کردبوو، سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی نێوان عیراق و ئێران بوو. دیار بوو مەرامێکیان هەبوو.

پاش نانخواردنی ئێوارە وەکو پیشەی هەمیشەییان ڕوویان لە مزگەوت کرد.

زۆر نەبوو ئەو بووبووە خاوەن چەکی خۆی، کلاشنیکۆفێکی نوێی وەرگرتبوو. زۆر دڵی پێ خۆش بوو، تەقەی شەڕی پێنەکرابوو. ئامرکەرتەکەیان زۆری خۆش دەویست، وەکو کادێر و ڕۆشنبیرێکێ کەرتەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. بەهێواشی لێی چووە پێشەوە، تێی گەیاند کە کاری پێیەتی، دەستی بە قۆڵیدا کرد، کەمێ لەوانەی دیکەی دوورخستەوە.

ـ بەیانی لە تاریکولێڵەدا نیازمانە لەو ڕەبییەیە بدەین کە ئەمڕۆ نیشانم دایت. بەگوێرەی ئەو هەواڵەی بە من گەیشتووە، زیلێک لەو کاتەدا هەموو ڕۆژێک دێت و سەربازەکان ئالوگۆڕ پێ دەکات. پلانم وا داناوە من و هیوا و مام دەروێش، لەو کاتەدا بە ئاربیجی لەنزیکەوە لێیان بدەین، ئەوانیش پارێزگاری لە من بکەن. ئێوەش هەمان کات خواردن و خواردنەوە لەگەڵ خۆتاندا بەرنە سەر شاخ، نەوەک دوای ئەو کارە کۆپتەر و جەیش و جاش بۆ تۆڵە ڕوو لەم ناوە بکەن. خۆت دەزانی هیوا تازە لە بەری بەمۆوە گەڕاوەتەوە، لە کاک شەوکەت زوویر بووە، چەکی پێ نییە، بۆیە داوام وایە تۆ تفەنگەکەی خۆتی بۆ ئەم چالاکییە بدەیتێ، منیش دەمانچەکەی خۆمت دەدەمێ.

ئەو هەستی کرد مەبەستی کاک بەختیار چییە. چون لەوەو پێش هیوای دەناسی، دەیزانی چ کوڕێکی کارامە و چاونەترسە، بەبێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ بڵێ، سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

لەوە دەچوو خەو ببینێت، نێرسەکە دەستێکی بە شانیدا دا. بەپێکەنینەوە تێی گەیاند کە کاتی گرتنی پاڵەپەستۆی



هاوڕێ نەمەڵی

خوێنەکەیەتی.

قۆڵی ڕاستی لێ نزیک کردەوە تا نێرسەکە بە کاری خۆی هەستێت. گوێکانی خەریکی بیستنی خوێندنەوەی ئامێری پاڵەپەستۆی خوێنەکەی دەکرد.

ـ حەفتا لەسەر سەدوبیست، هەر زۆر باشە، بەڵام جارێ هەر نزمە.

تاریکی تەواو باڵی بەسەر دەرەوەدا کێشابوو. لە ڕەنگاوڕەنگی گڵۆپەکان و لایتی ئۆتۆمۆبیلەکان زیاتر هیچی دیکە بەدی نەدەکران، جارجارە لایتی ئەو فڕۆکانە بەئاسمانەوە لە نزیک فڕۆکەخانە گەورەکەی ئەولای نەخۆشخانەکە بەدی دەکرا.

نێرسەکە بەزەردەخەنەوە پێی وت کە هەوڵی پشوودان و نووستن بدات. هەرچییەکیشی پێویست بوو دەست بە جەرەسەکەی ئەولای خۆیدا بنێت. شەوباشی لێ کرد، بەپێکەنینەوە سووک دەرگای ژوورەکەی لەسەر داخست و بەجێی هێشت.

ـ لەو هەموو شەڕ و بەربەرەکانێیەدا، لە ژووری زیندان و ژێر پەتی قەنارەدا نەکوژرام و ڕزگارم بوو، تۆ بڵێیت بە نەخۆشی بیرنداربوونی دیواری گەدە تەواو ببم!

هەوڵی دا بنوێت، چاوەکانی نانە سەر یەک، ئەم شەو سێیەمین شەویەتی کە لەسەر گازی پشت ڕاکشابوو. دوو سێ جار شوێنی دەرزی خوێنتێکردن و ئاوی موقەتەرەکە لە سەر و مەچەکی دەستی چەپیدا چەقێنرا بوون، شوێنەکانیان گۆڕرا بوون. ئەمە سێیەمین بتڵی خوێن و چوارەمین بتڵی ئاوی موقەتەرە لەجیاتیی خواردن، تەواو ماندویی بە ڕووخسارییەوە دیار بوو.

هەوای ژوورەکە وا کۆنترۆڵ کرابوو کە نەخۆش هەست بە سەرما و گەرما نەکات. لەناویدا توالێت و دەستشۆر و دوشی تێدا بوو.

چەرچەفێکی سپیی تەنکی بە خۆیدا دابوو، ڕایکێشایە سەر دەموچاوی، بەڵام زۆری پێ نەچوو لای دا. سووک سووک لەسەر قەرەوێڵەکەی هاتە خوارەوە. دەستێکی بە چەشنی جاران بەشیشەکەوە گرت. هەستایە سەر پێ، بەرەو ژووری حەمام و توالێتەکە شیشەکەی لەگەڵ خۆی ڕاکێشا، بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی لەسەر تەندروستیی هەبێت. ماوەیەکی لەوێدا بەسەربرد و بۆ جێگاکەی بە هەمان شێوە گەڕایەوە. لەسەر پشت ڕاکشا، هەستی بە باشبوون دەکرد. بەڵام هەرچی دەکرد نەیدەتوانی لە ژوورێکی وا ڕووناک بەو شێوەیە خەوی لێ بکەوێت. چاوەکانی نابوونە سەر یەکدی، بەڵام بە ئاگا بوو.

ئەمان بەگوێرەی ئەوەی ئامرکەرتەکەیان ڕێگای بۆ دانابوون لە کێوەکەی ئەوبەری باوەخۆشین نزیک هۆمەرقەڵا دوو دوو لە ژێر دار و دەوەن و بەردەگەورەکاندا خۆیان حەشار دابوو. چاوەڕوانی گرمەی ئاربیجیان دەکرد، زۆری نەخایاند گرمە و ناڵە پەیدا بوو، بەدوایدا چەندین دەستڕێژ کران. لەناو خۆیاندا بە ئیشارەت، بەدەم تەماشاکردنەوە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک بەختیار و هیوا و مام دەروێشیان دەکرد. چاویان لێ بوو ئاگر لە زیلەکە بەرز دەبووەوە، پشێوی لە دەوروبەری ڕەبییەکە پەیدا بوو. چاویشیان لە هاوڕێکانیان بوو، بەخێرایی بەرەو لای ئەوان دەهاتن.

ئەو سەرکەوتنە بزەی بەسەر لێوەکانیدا دەپرژاند، لەوە دەچوو ماندویی حەسابێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا فرمێسک بەسەر ڕوومەتیدا وەک دڵۆپی خوێن و ئاوەکەی سەر شیشەکە بە لارووومەتیدا دەهاتنە خوارێ، بەبێ ئەوەی چاوەکانی بکاتەوە، لەوە دەچوو بۆ چەند ساتێک بێدەنگی باڵی بەسەر لێو و پێڵووی چاوەکانیدا ڕاکێشابێت.

٢٠٠٢

# له یادەوەریی ٢٠ساڵەی دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد و ٦٠ ساڵەی کۆماری کوردستان/مهاباددا

**ئامادەکردنی: مەڵبەند**




ئەنوەر محەمەد و بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە، ئێوارەی ٢٠٠٦/١/٢٧ (وێنەکان: ئەکی بابەمیری)

مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن، پێشەنگی هەموو ئەو دەستگا کوردییانەیە کە لە هەندەران بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کورد و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی کوردایەتی و ناساندنی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردەواری، لەم لەندەنەدا، سنوورە دەستکردەکانی دابەشکردنی بەزاند.

وەکو دایکێکی میهرەبان باوەشی کردەوە بۆ هەموو کوردێکی ئاوارە و سەرگەردان لە هەر کوێی جیهان و کوردستانەوە هاتبن.

مەڵبەند هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە، لە مانگی ٥ی ١٩٨٥ەوە تا ئەمڕۆ، مەکۆی متمانەی ڕوحی و ئاسوودەیی دەروونی بووە و هەر لە کوردی خۆراسانەوە بگرە تا کوردی ئەرمەنستان بەهۆگرییەوە بوون بە ئەندام و دۆست و هاوکاری.

لێرەدا چاکە ناوی ئەو کەسانە بهێنین کە لە بیرۆکە و هەوڵەسەرەتاییەکانی دامەزراندنی مەڵبەنددا، هیلاکی و ماندووبوونیان چەشتووە، کۆبوونەوەیان کردووە، بیروڕایان گۆڕیوەتەوە و پرۆژەکەیان خەملاندووە.

ئەو بەڕێزانە کە بەداخەوە هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە و لەناوماندا نەماون لەوانەش: تۆفیق وەهبی، ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەدڕەسوڵ هاوار، تەها سابیر، موحسین دزەیی، دارا عەتار، عومەر مستەفا، نوری باڵدار، کەمال مەحموود و تاڵیب کاکەیی.

یەکەم دەستەی کاری جێبەجێکردن و خستنەگەڕی پرۆژەکە لە بەڕێزان: موزەفەر شافیعی، شێرکۆ عابید و شەفیق قەزاز و بە هاوکاریی گۆین ڕوبێرتس پێکهاتبوو.

یەکەم کۆنفرانسی مەڵبەند لە (کۆنوەی هۆڵ) لە ١٩٨٥/٥/١٩دا بەسترا و بە کۆنفرانسی دامەزراندن ناوزەد کرا. لەو کۆنفرانسەدا ئەم بەڕێزانە هەڵبژێردران و بوون بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری مەڵبەند: کەمال میراودەلی، دڵشاد میران، هاوڕێ نەمەڵی، سایە سەعید، فریاد حەوێزی، نایف کاکۆ، نوری باڵدار، شەفیق قەزاز و موزەفەر شافیعی و هەریەکە لە بەڕێزان شیرین عومەر و هەندرێن مەعروفیش یەکەمین دەستەی کارمەندانی مەڵبەند بوون.

دواتر لەسەر ڕێچکەی کولتووری و خزمەتگوزاریی خۆی بەرەو برەوسەندن و گەشەسەندن ڕۆیشت. کە سەرباری ئەوەش بە ڕێژەیەکی زۆر لە سەرجەم ئاستە سیاسی و فەرهەنگییەکاندا لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بوو، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین کۆنفرانس، خۆپێشاندان و سیمیناری هەر لەم پێناوەدا ئەنجام داوە.

دواتر لەگەڵ زیادبوونی شاڵاوی پەنابەر و کۆچکردنیان بۆ هەندەران، مەڵبەند بوو بە لانکەی گەرم و کۆڵەکەی پشتی هەموو

لایەک، لەم میانەیەشدا گەشەی بە کاروباری پەنابەری و کێشەی خانووبەرە و یارمەتی و تەندروستی دا و تائێستاش بۆ هەریەکە لەو کاروبارانەی سەرەوە مەڵبەند کارمەندی تایبەتی خۆی هەیە و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن.

و چەند پارچەمۆسیقایەک و پێشانگایەکی فۆتۆگرافی دەست پێکرا. بەشی یەکەم لە چوارچێوەی کۆڕێکدا کە لەلایەن هەڵەت هەمەوەندییەوە بەڕێوە چوو، دوای نواندنی سەری ڕێز و نەوازش بە چەند ساتێک، داوا کرا لە د. نوری تاڵەبانی، وەکو دۆستێکی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی ئێران بوو کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێشەوایەتیی قازی محەمەدی نەمردا خۆی دەدیتەوە. ئەوە هەڵسەنگاندنی ورد و لێزانانەی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی بوو کە ڕێگای خۆش کرد بۆ



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە، ئێوارەی ٢٠٠٦/١/٢٧

ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ٢٠ساڵ بەسەر تەمەنیدا، کە هاوکاتە لەگەڵ ٦٠مین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد ـ لەندەن زنجیرەیەک چالاکی و یادەوەری ساز کرد.

کە هەڵبەتە یادکردنەوەی کۆمار گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، توا نرا حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێنرێت، لەگەڵ ئەوەی کە ماوەی حوکمڕانیی ئەم کۆمارە کورت بوو، بەڵام ڕەنگدانەوە و کاریگەریی زۆری لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی و بەهێزکردنی گیانی نەتەوەیی دروست کرد، کە تائێستاش هەندێک خەسڵەتی هەیە لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا پیادە دەکرێت، نموونەش بۆ ئەمە وتنەوەی سروودەکە و هەڵکردنی ئاڵاکەیەتی.

بۆیە مەڵبەند بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانی کە ئەو یادەوەرییەش لەگەڵ یادەوەریی دامەزراندنی مەڵبەنددا یەک بخات و بۆ ئەم مەبەستەش زنجیرەیەک چالاکی ساز کرد.

سەرەتا لە ٢٠٠٦/١/٢٧دا و لە هۆڵی کوردستانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، ٧–١٢، وەک دەستپێکێک بە کۆمەڵێک وتار دێرینی مەڵبەند، بۆ کردنەوەی یادەوەرییەکە، کە بەڕێزیان بە وتارێکی گرنگ خەمخۆری و خزمەتەکانی مەڵبەندی لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا بەرز نرخاند.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری مەڵبەند پەیامی خۆی لە زاری ئەنوەر محەمەدی سەرۆکی کۆمیتەوە پێشکەش کرد و نوێکردنەوەی پەیامی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگای کوردەواری دووپات کردەوە.

دوابەدوای ئەمەش هەمزەی بایەزیدی، نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لە بریتانیا، وتارێکی سەبارەت بە سەرەتاکان، چۆنێتیی دروستبوونی کۆماری کوردستان لە مهاباد و ئاکامە شوومەکەی لە شێوەی پەخشانێکی ڕەواندا خستە ڕوو.

بایەزیدی لە بەشێکی وتەکەیدا، وتی: "دامەزرانی کۆماری کوردستان کە بە هەموو پێوانەیەک بە گرنگترین ڕووداوی مێژوویی پڕ لە شانازیی خەباتی خەڵکی کوردستان تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، بەرهەمی دەیان ساڵ قوربانیدان و نیشانەی تامەزرۆیی کۆمەڵانی گەلی کورد بۆ ئازادی و بەدەستەوەگرتنی چارەنووس و بەڵگەی هۆشیاریی ڕێبەرایەتیی نوێی ئەوەی بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی بتوانن لە بەشێکی هەرچەند بچووکی کوردستاندا ئاواتی لەمێژینەی کۆمەڵانی گەلی کورد وەدی بێنن و یەکەمین حکوومەتی مۆدێرنی کوردی دامەزرێنن.

ڕاستە کۆماری کوردستان لە جێدا بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دامەزرابوو، بەڵام بە پێوانەکانی دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆش حکوومەتێکی مۆدێرن بوو. ڕێبەران ئەو کۆمارە و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای شەهید بە قووڵی لە مانا و پێداویستییەکانی کۆمەڵێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو تێگەیشتبوون. ئەگەر ئاوڕێک وەسەر مێژووی دوورودرێژی خەباتی خەڵکی کوردستان بدەینەوە چەندین نموونەی پڕ لە شانازی لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانماندا دێنە بەر چاو، بەڵام کۆماری کوردستان یەکەمین دەسەڵاتی کوردییە کە بە کردەوە بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی و دەسەڵاتی خەڵکی و دامەزراندنی دامودەسگاکانی کۆمەڵی مەدەنی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە.



ئازاد سەعد



تارا جاف و ئاریا

بەشانازییەوە دەتوانین بڵێین ئەو دیموکراستییە کە لەو ماوە کورتەی تەمەنی دەوڵەتی جومهوری کوردستاندا سەقامگیر بووبوو، هەتا ئەمڕۆش لە کەمتر کۆمەڵێکی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا نموونەی بەر چاو دەکەوێت."

مەکتەبی بریتانیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگەی شاناز ئیبراهیم ئەحمەدەوە، پیرۆزبایی یادەوەرییەکەی لە هەموو لایەک کرد و دواتر ڕۆڵ و گرنگیی دەوری مەڵبەندی لە میانەکاندا خەملاند.

پەیامی ئیدارەی هەولێری حکوومەتی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە و وتاری ئیدارەی سلێمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەلایەن هاوار حاجییەوە پێشکەش کرا و سەبارەت بە کۆماری کوردستان، هاوار حاجی، وتی: "ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد، دەرەنجامی هەموو ئەو هۆکارە دەرەکی و ناوەکییانەی ئەو کاتەی سەردەمی شەڕی جیهانی دووەم بوو، بەڵام بەداخەوە هۆکاری دەرەکی ئەو کاتە و ململانێی زلهێزەکان و بەرژەوەندییان زۆر گەورەتر بوو لە بەردەوامبوون و مانەوەی دەوڵەتێکی ساوای وەک کۆماری مەهاباد. سەرەڕای هۆکارە ناوەکییەکان کە وایانکرد مۆمی هیوای چەندین ملیۆن کورد زوو بکوژێتەوە و دووبارە کوردستان بکەوێتەوە ژێر دەسەلاتی داگیرکەران. بەڵام بیری پێشەوا و هەڤالانی، نەک تەنیا لە کوردستانی ئێراندا، بەڵکو لە هەموو پارچەکانی تری کوردستانیشدا بوو بە سەرچاوەیەکی وزە بۆ کوردستانییان، لەملا و ئەولادا، کۆمەڵ بە کۆمەڵ، دەستە بە دەستە، کەوتنە خۆ و دەستیان کرد بە بلاوکردنەوەی بیری ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی و خۆڕێکخستن و شۆڕشکردن لە چوارچێوەی ئەو حیزب و ڕێکخراو و بزووتنەوانەی کە دروستکران.

هەروەک لای کەس شاراوە نییە، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، کوردستان لەنێوان عیراق، سوریا، تورکیا، ئیران و ڕووسیادا دابەشکرا. ئەم دەوڵەتانەش بەتوندی پەیڕەوکاری سیاسەتەکانی بە تورک و عەرەب و فارس کردن و تەفروتوناکردنی گەلی کوردستان و ناوچەکەیان بوون، زۆر هەوڵیان داوە کە بەسەر گیانی شۆڕشگێرانەی ئەو گەلەدا زاڵ بن. بەڵام بەپێی یاسای شۆڕش و مانەوە و بەرگریکردن، گەلی کوردستان نەک تەنیا یەک شۆڕش، بەڵکو بە چەندین شۆڕش و بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری وەک: شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفیدی نەمر، دەرسیم، شێخ ئەحمەد بارزانی، قازی محەمەد و چەندان و چەندانی تر بەرپا کرد و کوژانەوەی هەر یەکێکیانیش مۆمی خەباتی ئەوی تریانی بەهێزتر و ڕۆشنتر دەکرد."

پاشان سەبارەت بە یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی "مەڵبەند"، هاوار حاجی، وتی: "یادی دووەممان یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی "مەڵبەند"ە. بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆکە تاریکی باڵی کێشابوو بەسەر کوردستاندا و بێئومێدی چووبووە ناو هەموو ماڵێکی کوردستان و بیری هەموو کوردستانییەکەوە و تەنانەت دۆستەکانی کوردستانیانیش ئومێدێکیان نەدەبینی لە ئاسۆی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستاندا، بەڵام کۆمەڵێک لە سیاسەتمەدار و دڵسۆزانی گەلەکەمان، بە بیروباوەڕێکی وا کە سەرکەوتن تەنیا بۆ ڕاستی و گەلە، کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی کە شوێنێک یا باشتر وایە بڵێین بەردی بناغەیەک دابنێن بۆ کوردستانیانی بریتانیا کە وەک سەفارەتێک بۆ گەلێکی خاوەن مێژوویەکی خوێناوی کە شانازی پێوە بکات و بیکات بە شوێنی نوێنەرایەتیی خۆی."

کامەران ساڵح بەگ، وەکو بەرپرسی ناوچەی لەندەنی پارتیی دیموکراتی کوردستان، مەڵبەندی بە پێشەنگی ڕێکخراوە خێرخوازییە کوردییەکان بە نموونە هێنایەوە و بە سوپاسگوزارییەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ کارەکانی داهاتوو خواست. لە بەشێکی وتارەکەیدا، کامەران ساڵح بەگ، وتی: "دامەزراندن و دروستکردنی کۆمەڵەیەکی وا کارێکی پیرۆزە و ئەو بەڕێزانەی ئەمەیان وەک بیرۆکەیەک خستە قاڵبی داڕشتنەوە، بە چاوی ڕێزو حورمەت تەماشایان دەکرێت.

هەر زوو کۆمەڵگای کورد، ئەم مەڵبەندەیان گەورە نرخاند و لە دەوری کۆبوونەوە و هاوکار و پشتیوانی بوون.

ئێمەی کورد پێویستیمان بە جێگایەکی وا بوو کە تێیدا کۆ ببینەوە و نزیک یەک بین و یاد و بۆنەکانمان بەرز ڕابگرین، بەتایبەت لە تاراوگەدا، ئەو کولتوورەی کە هەمانە نەهێڵین بفەوتێت و نەوەی نوێی پێ ئاشنا بکەین، گۆشیان بکەین بە ڕۆحی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری.

لە ١٩/٥/١٩٨٥دا، بۆ یەکەم جار مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن چاوی هەڵهێنا و بووە مەڵبەندێکی بوێر و بڵندگۆیەکی بەرزی کوردان.

هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە، وەک پارتی کارمان تێدا کردووە و ڕێکخەر بووین و پاڵپشتی مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووین و دەستەی پشتوانی بووین، کۆمیتە و کارمەند و کلاینت بووین، نووسەر و خوێنەر و دروستکەری بووین.

لە ناخۆشترین کات و ساتی کورددا، لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی دانەبڕاوین.

بۆیە داواکارین جارێکی تر ڕۆحی تەبایی و



«ئەحمەد هەردی»ی شاعیر



لویزە عەتار لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا

ڕێزگرتن و پێکەوەژیان و قبووڵکردنی یەکتری، بکەینە پڕۆگرامی ئاییندەمان و کارئاسانی بکەین بۆ یەکتر و هەموومان بتوانین بێ جیاوازی لەم خانەیەی کورددا بەیەکەوە کار بکەین.
ڕێزو حورمەت و خۆشەویستی بۆ دەستەی دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن و هاوکارانیان. با هەموو پێکەوە مەڵبەند بکەینە نموونەی یەکتر قبووڵکردن و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کولتووری و زانستی، دووری بخەینەوە لە خۆسەپاندن و تاکڕەوی و تاکەحزبی."
دوابەدوای ئەمەش شەپۆل عەلی عەسکەری، بە ناوی حزبە کوردستانییەکانەوە پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی مەڵبەند و کۆماری کوردستانی لە هەموو لایەک کرد.
لەگەڵ ئەمانەشدا وتاری کۆمیتەی هاوبەشی ڕێکخراوە کوردییەکان لە بریتانیا لەلایەن ڕەزان جەلال عەزیزەوە خوێندرایەوە و تیایدا دەستخۆشی و پیرۆزبایی بۆ هەموو کارمەند و ئەندامانی کۆمیتەی مەڵبەند دەربڕی.
بۆ زاخاودانی مێشک و دڵنەوایی دەروونیی هەموو لایەک، خانمە هونەرمەند تارا جاف و هونەرمەندی لاو ئاریا بە چەند پارچەمۆسیقایەک ئارامگیری و کەشوهەوای کۆڕەکەیان لەبارتر و خۆش و پڕجۆشتر کرد. دوابەدوای ئەوەش موزەفەر شافیعی، وەکو کەسێکی دامەزرێنەر، داوای لێکرا کە سەبارەت بە سەرەتاکانی دامەزراندنی مەڵبەند بدوێت، کە لە ڕێگەی وتارێکەوە باسی گرنگترین هۆکار و فاکتەرە پاڵپێوەنەرەکانی کرد و هەروەها باسیشی لە ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی مەڵبەند کرد و ئەوەشی بە گەورەیی نرخاند کە خەڵکی کورد چەندە پەرۆشی دامەزراندنی مەڵبەند بوون، ئەمە جگە لەوەی پێشنیاری کرد کە دەبێت لەمەودوا مەڵبەند پلانی کاری خۆی تۆکمەتر



بەشێک لە ئامادەبووانی پێشانگای فۆتۆگرافیی مەڵبەند، ئێوارەی ٢٠٠٦/١/٢٧



ميديا زەهاوی



كارمەندی مەڵبەند سۆران سديق خەڵاتی مەڵبەند پێشكەش بە هونەرمەند كەمال عەلی دەكات

و فراوانتر بكات لە ڕێگای دڵسۆزەكانییەوە. دواتر دارا عەتار، سەرۆكی كوردیش ترەست، باسی چۆنێتیی كۆمەككردن و بنیادنانی مەڵبەندی كرد كە نەمر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی بە یەكێك لەو كەسانە ناوبرد كە كۆششێكی باشی كردووە لەو پێناوەدا.

سەباحی غالیب بە زمانە ڕەوانەكەی و لەوپەڕی پلەی هونەریدا گوزارشتی لە گرنگی و ڕۆڵی مەڵبەند كرد كە هەمیشە لانكە و جێگای هەموو كوردێك بووە و كارئاسانیی بۆ كردوون. سەباحی غالیب، لە بەشێكی وتارەكەیدا، وتی: "سڵاو لە شەستەمین ساڵڕۆژی پڕشكۆی یادی كۆماری خودموختاری كوردستان و سەركردە نەبەرد و جوامێرەكەی پێشەوا قازی محەمەد.

نازانم كەی یەكەم جار، كوردێك هاتبێتە لەندەن و ئەو وڵاتی تەمومژەی كردبێتە هەواری خۆی؟ نازانم ئەو كەسە چی كردووە و بە كوێ گەیشتووە؟ بەڵام بەرچاوڕوونی و گەشبینی بۆ پێشین، مژدەی ئەوەم دەدەنێ كە ئەو پیاوە هەر یەكێك بووبێت، دەبێت ئاشنای ئارامی و هێدێتیی ئینگلیز بووبێت. ئەوە لە لایەك، لەملاشەوە، دەشێت شتێك لە هونەری پێكەوەژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم



بەشێك لە ئامادەبووانی ئاهەنگەكە، شەوی ٢٠٠٦/١/٢٨





لە چەپەوە: سەربەست ئارام خەڵاتی مەڵبەند پێشکەش بە هونەرمەند ئیبراهیم ڕەحمان دەکات

هونەرمەند جەلال عەزیز خەڵاتی مەڵبەندی پێشکەش دەکرێت

خەڵکی مەملەکەتە فێر بووبێت.
کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی مێژووی کورد و تایبەتتر لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ەوە، وایان کردبوو ئامێزی لەندەن ئاواڵاتر و سنگی گەرمتر و دڵی گەورەتر بێت لە بەرامبەر تاکەکانی کورددا، هەر وەک بەوە بیەوێت پارسەنگی دژمنکارییەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی بداتەوە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان.
سالانی سەرەتای هەشتاکانی چەرخی پێشوو، کۆڕی کورد لە لەندەن گەرم کردبوو، کوردێک باڵوێز و نوێنەرێکی سەرتاسەری و ڕێکخراوێکی کارامەی نەبوو کە هەموو لایەک لە باوەش بگرێت، ڕۆژ بە ڕۆژیش زۆرتر دەبوون، بێگومان کار و فەرمانەکان و چەڵەمەی ژیانیش گەورەتر و قورستر. لەگەڵ بوونی کەشوهەوایەکی جۆرە تایبەتییەک لە کوردستاندا و چرۆکردنی بەرەی کوردستانی و پەیدابوونی هەلومەرجی ئاستی دەسگای لەندەنی گەورە Greater London Council کارێکی وایان ڕەخساندبوو، هەوڵ و تەقەلای کۆمەڵێک خەڵکی بەپەرۆشی کورد بە جیاوازیی ڕێبازی سیاسییانەوە "مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی"ی لێ بێتە بەرهەم.
لە کۆنگرەی یەکەمدا کە لە ١٩ی مایسی ١٩٨٥دا بەسترا، چەند خاڵێکی گەشی تێدا بوو. یەکێک لەوانە: ئەوە بوو، مشتومڕێکی زۆر لەسەر ناوەکەی کرا، ئایا مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد بێت یا مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردستان؟ ئەوانەی دووەمیان بە چاک دەزانی زیاتر چەپەکان بوون. من کە تا ئەو دەمی کەم قسەم کردبوو، عەرزی کۆنگرەم کرد: ڕۆشنبیری بەرهەمی عەقڵ و تێگەیشتن و بیری نەتەوەیە، هاوکات پێموانییە ڕۆشنبیریی نەتەوەی کوردی چەوساوە و بندەست لەگەڵ ڕووناکبیریی میللەتانی باڵادەست وێک بێتەوە، بۆیە دەبێت مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد بێت، نەک مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردستان. ئیدی خۆشبەختانە ئەو باوەڕە پەسند کرا و پیرەمەڵبەند بە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد بانگی بە گوێدا درا.
خاڵێکی دیکە ئەوە بوو، کە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر تا ئەندازەیەک







بەشداربووانی نمایشی جلوبەرگی کوردی



ڕەعد



برایانی زەهاوی



دڵخۆش عومەر

بەلێزانینەوە ئەنجام درا و هەلومەرجی ئەوەی تێدا بوو کە بەرامەی ڕۆشنبیرییان لێ بێت، تایبەت سەرۆکی مەڵبەند دوکتۆر کەمال میراودەلی کە زۆرترین دەنگی هێنا.

خاڵی سێیەم ئەوە بوو، لە کۆنگرەی یەکەمدا زۆرترین خەڵکی کورد لە گشت بریتانیادا ئامادەی بوون. ئەمە نیشانەیەکی یەکجار گەش و بەرچاو بوو، ئەندامان بە گوڕ و تینێکی بێسنوورەوە چالاکییان دەنواند.

دواخاڵ کە دەشێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوە بوو کە ئەوکاتە مەڵبەند جێوڕێ و ناوونیشانی نەبوو، قەلەندەرخانەکەی من بوو لە 82C Elm Park, London SW 2 2UA کە باوەشی بۆ کردنەوە بۆ بەستنی یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەر و دابەشکردنی کارەکان بەسەر ئەندامەکانیدا."

وتاری د. مەحموود عوسمان، کە خۆی بە هۆی سەفەرکردنییەوە نەیتوانیبوو ئامادە ببێت، لە زاری هەڵەت هەمەوەندییەوە پێشکەش کرا و سەرنجی ئامادەبووانی بە پیرۆزیی یادەوەریی مەڵبەند و یادی کۆماری کوردستان بە لای وتارەکەدا ڕاکێشا، کە تێیدا د. مەحموود، دەڵێ: "بەداخەوە لەبەر نەبوونم لە لەندەن نەمتوانی بەشداری بکەم لە ئاهەنگی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی بە بۆنەی یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر دامەزراندنی مەڵبەندا. پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هەروەها دەستخۆشی بۆ گێڕانی ئەم هەنگاوە.

کۆماری کوردستان لە مهاباد ئەگەرچی تەمەنی کورت بوو، بەڵام دەستکەوت و سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ نەتەوەکەمان و ئەگەرچی خودموختار بوو، بەڵام کوردی هەموو پارچەکان بەشدارییان تێدا کردبوو و بەتایبەت کوردستانی باشوور و تا ئەمڕۆش لەلایەن هەموو کوردێکەوە ئاڵا و سروودەکەی بە نەتەوەیی حساب دەکرێت و هەموو شانازیی پێوە دەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە تا ڕادەیەکی زۆر عەدالەت و دیموکراتی و مافی مرۆڤی تێدا ڕەچاو کرابوو.

لە دامەزراندن و لە ژیان و لەناوبردنیشیدا دەرس و پەندی گرنگ، ئاشکران و دەبێت لە یاد نەچن.

لێرەدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دادەنەوێنین، سڵاویش دەنێرین بۆ حزبی دیموکرات و هەموو خوشک و برایانی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

هەروەها لە کاتێکدا کە پیرۆزبایی لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد دەکەم لە یادی بیستەمین ساڵەی دامەزراندنیدا، ئومێدی سەرکەوتنی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری بۆ دەخوازم لە خزمەتکردنی میللەتەکەمان و کێشەکەی لەم وڵاتە و لە دەرەوەشدا لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و هونەری و لە هەموو ڕوویەکی ترەوە."

کۆتایی بەشی یەکەم لە ڕۆژی یادەوەرییەکەدا، وەکو بەهایەکی گرنگی مەڵبەند بە دابەشکردنی چەند بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان بەڕێوە چوو بۆ ئەو کەسانەی کە لێبوردووانە خزمەتی کۆمەڵگای کوردیان کردووە.

لێرەدا مەڵبەند بوو بە مەڵبەندی خەڵات کە لەگەڵ سەدای بانگەوازی سەربەست کەرکووکیی شاعیردا، چەند کارمەندێکی خۆبەخشی دێرین و ئێستای مەڵبەند ڕێزیان لێ گیرا و خەڵاتەکانیش لەلایەن ئەنوەر محەمەدەوە، سەرۆکی کۆمیتەی مەڵبەند و عەتا موفتی، فازیل کاوانی، دڵخواز ڕەشید، ئەندامانی کۆمیتەی مەڵبەند و هاشمی کەریمییەوە بەسەر ڕێزلێگیراواندا دابەش کران. کە جێگای باسە لێرەدا ٢٠ کەس ڕێزیان لێ گیرا و بۆ ئەم ڕێزلێنانەی مەڵبەند مونیرەی موفتزادە کە یەکێک بوو لەوانەی ڕێزی لێ گیرابوو وتی: "ئەمە هەنگاوێکی باشە کە مەڵبەند گرتوویەتییە بەر و زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە مەڵبەند دڵسۆزەکانی خۆی بەسەر دەکاتەوە، بۆیە من ئەم بڕوانامەیە بە شەرەفێکی گەورە دەزانم."

دوابەدوای ئەمەش پرشنگ مەمەند، بەدەم هەنسکی گریان و دڵێکی پڕ لە سۆزەوە، بۆ مەڵبەند و ئەندامانی وتی: "من وەسیەتی



نەورۆز ئۆرەماری



ئارام تەها، حەمە جاف و سەباح ڕەواندوزی



قادر عومەر



بەشداربووانی نمایشی جلوبەرگی کوردی، شەوی ٢٠٠٦/١/٢٨، لەگەڵ دیزاینەر دڵگەش موراد

ئەوە دەکەم، ئەگەر مردم، ئەم بڕوانامەیەی مەڵبەند کە ئەمڕۆ پێی بەخشیم لەسەر گۆڕەکەم دابنێن."

لە بەشی دووەمی پرۆگرامەکانی یادەوەریی مەڵبەنددا، لویزە عەتار بە پێشکەشکردنی دڵخواز ڕەشید، هەستا بە کردنەوەی پێشانگای فۆتۆگرافیی مەڵبەند، کە ئەمەش خۆی لە چوارچێوەی چەندین وێنەی جۆراوجۆردا بینییەوە، کە بریتی بوو لە پیشاندانی زۆربەی زۆری کۆڕ و چالاکی و سیمینار و کۆنفرانسەکانی مەڵبەند کە ئەوەش بوو بە شەوی لە دەرگادان لە یادەوەری و یادگارییەکانی ئامادەبووان.

ڕۆژی دووەمی یادەوەرییەکە، لە ٢٠٠٦/١/ ٢٨دا، لە هۆڵی پۆرچستەر بەڕێوە چوو. سەرەتا مامۆستا جەلال عەزیز یادەکەی لە ڕێگەی وتارێکی پوختەوە کردەوە و ڕۆژانی خەبات و تێکۆشانی مەڵبەندی بە بیری ئامادەبووان هێنایەوە. دواتر وتەی سینەماکاری جیهانی و بەناوبانگی ئینگلیز گۆین ڕۆبیرتس کە یەکێک بوو لە هاوکارانی دامەزرێنەرانی مەڵبەند، لە لایەن هونەرمەند تارا جافەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا، کە تێیدا گۆین بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد بۆ ئەو شەوە مێژووییە و هاوکات داوای لێبوردنی کرد کە بەهۆی هەندێک گرفتی تایبەتی خۆیەوە، نەیتوانی ئامادەی



ئەحمەد ئەنوەری





دوو کیژی بەشداربووی نمایشی جلوبەرگی کوردی